www.kurdistannet.org

# نامەیەکی بە جوێن نووسراو

حەمەسەعید حەسەن

تا ئەم دواییەش وای بۆ دەچووم تاقمی گۆڤاری ڕەهەند ‹هیچی نەگوتراویان نەگوتووە.› پێم وابوو تەنیا کوێرانە لاسایی چەند ڕووناکبیرێکی عەرەب و هەندێ بیریاری ئەورووپایی دەکەنەوە. وای بۆ دەچووم ئەوی لە هەر بوارێکدا دەینووسن، مۆنتاژکردنێکی ناهونەرییانەی بیر و خەیاڵی کەسانی دیکەیە، بە کوردییەکی تا بڵێی کۆڵەوار. هەر بە بەرکارم دەزانین، نەک بە بکەر. بە لاساییکەرەوەم دەزانین، نەک بە داهێنەر. بە کۆنەپارێزیان تێدەگەیشتم، نەک پۆست مۆدێرنیست.

کە هەندێ جار نەمدەزانی دەڵێن چی، پێم وابوو هی ئەوەیە ئەو شتەی بۆ خوێنەری باس دەکەن، خۆیان لێی حاڵی نەبوون. یان لێی حاڵی بوون و زمانەکەیان بە هانایانەوە نایە. یان ئەو شتانەی لە بێگانەیان خواستووە، بەو مەبەستەی خوێنەر نەچێتەوە سەر سەرچاوەکانیان و دەستەکانیان نەخاتە ڕوو، تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن. یان گۆمی بیرکردنەوەیان تەنکە، بە مەبەستی فریودانی خوێنەر، لێڵی دەکەن.

کە بە باڵای بەرهەمی یەکدیاندا هەڵدەدا، نان بە قەرز دان و شایەتیی ساختە و شاعیری خێڵم بیر دەکەوتەوە. بەوەی کە خۆیان بە مۆدێرنیست و خەڵکیان بە کۆنەخواز لە قەڵەم دەدا، پێم وابوو لە وەهمدا دەژین. بە تووتییان تێدەگەیشتم و وای بۆ دەچووم یەک ڕستەی جوان و ڕەوانیان دانەهێناوە.

سوپاس بۆ یاسین بانیخێڵانی ئەوە ئەو بوو، بە ئاگای هێنامەوە و تەمی هەموو گومانەکانمی ڕەواندەوە و پێی سەلماندم، ئەوی لە گۆمی قووڵی وەهمدا نوقم بووە، منم نەک ئەو مۆدێرنیستانە! یاسین بە بەختیار عەلی دەڵێ: ‹زمانی مەرگی تاقانەی دووەم وێرانە. بۆ نموونە: بازنگ، خرنگەی دێ نەک خرمە. یان: ئەسپ ڕا ناکا، غار دەدا. یان: هەنگاوەکانم خاو دەبنەوە، نەک دەبێتەوە....›

بەختیاریش لە ١٨ی ٦ی ١٩٩٨دا بە نامەیەکی دوور و درێژ وەڵامی یاسین دەداتەوە و پێی دەڵێ: ‹هەی چەقۆکێشی سەر جادەکان. هەی گزگلی نەفامی جاهیلی زبڵنووس. هەی ناوبۆشی ڕۆحبوودەڵەی جەهالەت بەرهەمهێن. هەی شارەزای کون و کەلەبەری زبڵخانە. هەی دەم پانکەرەوەی جەبانی بێ شەهامەت.›‹١›

بەختیار عەلی لە هەمان نامەدا بە یاسین بانیخێڵانی دەڵێ: ‹تۆزی پێڵاوەکانی ئەوانەی پشتگیری ئێمە دەکەن، مەعریفەی زیاتر تیایە لە سەری ئەوانەی کە پەلاماریان داوین و تا ئەمڕۆ ئاودەستی ماڵەکانی ئێمە لە ژووری خەوتنی ئەوانەپاکتر بووە کە جنێویان پێ داوین.›‹٢›

بە ڕاست ئەم دەربڕینانە نوێ نین! کەس پێشتر شتگەلی وای گوتووە! من و دەیان خوێنەر و نووسەری دیکەش تفەنگمان بە شەوەزەنگەوە نەدەنا، کە بە دوای سەرچاوەی نووسینەکانیاندا دەگەڕاین؟

من بەش بە حاڵی خۆم کە ئەو نامەیەی بەختیارم خوێندەوە، ڕەخنەیەکی توندم لە خۆم گرت و کاڵەکم بە کەشکەژنۆم شکاند و هیچ گومانم لەوە نەما، کە تاقمی ڕەهەند داهێنەر و پۆست مودێرنیستن و منیش کۆنەخەواز. هەر لێرەیشدا جێی خۆیەتی تەحەدای غەفور ساڵح‹٣› بکەم و پێی بڵێم: بڕۆ هەموو پاشماوەی ژیانت تەرخان بکە، بزانە سەرچاوەی یەکێ لەم دەربڕینە نوێیانەی بەختیار دەبینیتەوە!

*

‹١› و ‹٢› دەقی نامەکەی بەختیار عەلی بە خەتی خۆی.

‹٣› غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، هەندێ لە ڕەهەندەکانی ڕەهەندخوازان، گەلاوێژینوێ ژ:١٥سلێمانی ١٩٩٩